**دیمەنی تاج و تەختی ئەمەر پاشا لە بیرەوەریەکانی حاجی عەوڵای قازیدا**

رۆژیک مەئموورِیە تیان دا بە گورهانە کە مان کە بچین بۆ ئاوایی قەلەڕەشێ. شتومە کمان کۆ کردەوە وئەوانەی کە وەک کاروان ئێستریان هینابوو هەموو خەڵکی سوێسنی قەلەڕەشێ بوون . ئەمنیش دووریم لێ نەدەکردن و هەروا قسەم لەگەڵ دەکردن و لە یەکیانم پرسی : ئەرێ ئە مە ری مەولوودی ماوە ؟ ئەوەی کە لە زەمانی رەزاشای دا چەپەرێکی کردبوو بە تەخت و دەچوە سەری و ئەگەر سوێسنی چاکیان شەڕ کردبا ، ئەستێرەی لە شانیان دەدروو.

هاها هۆوەیە ، لەگەڵ ئێمەیە.

ئەگەر تەماشام کرد یەکێکی کورتە باڵا ، کاڵە و گورەوی هە ڵکێشابووکڵاشی لە پێ دابوو لاق باریک . ئەویشیان هێنابوو بۆ ئەو کاروانەی . ئەو زۆری خۆ دەپاراست چونکە هەر ناخۆشیان دەویست. ئەمنیش وردە وردە هەنگاوم خۆش کرد و چووم بۆ لای . سە بیلەی داگیرساندبوو ، قەننەی دەکێشا . ئەوکات زۆر جحێڵ بوو تازە ردێنی ماش و برینجی ببوو. بە تە نیشتی دا تێ پەڕیم و لە بەر خۆمەوە کوتم : ئەمەر پاشا وەبیرت دێ لە باتی ئەستێرە ی مازووت لە سەر شانی سوێسنیان دەدروو.رەتێکی برد و لای دا و رۆیشت و چووە نێو سوێسنیەکان . بە سیلەی چاوم ئاگام لێ بوو لە رەفیقەکانی دەپرسی ئەوە کێ یە . ئە وانەی کە قسەم لەگەڵ کردبوون کوتبوویان ئە وە لە تایە فەی قازیانە و سەربازە و خەڵکی مهابادە . هێندەی پێ نە چوو بەولای دا وردەوردە کەوتە پشتەوە و خۆی دزیەوە و هاتەوە بۆ لای من. ئە منیش سەرم بەردابۆوە و دەڕۆیشتم . هاتە تە نیشتم و دەستی خستە سەر شانم و ماچی کردم وگوتی: لە لای ئەو مەلعونانە ئەو قسەیەت بۆ کرد؟

ئە مە هاودەردین دەنگێ مە کە. بەو جۆرە وردەوردە بە پێی کاروان بە قسە کردن وەڕێ کەوتین . ئەوە سەرەتای ناسیاوی مان بوو. گەیشتینە ئاوایی قەلەرەشێ . شوێنێکی یەگجار جوان و خۆشە . دەور و بەری هەمووی دار و لێرەوارە. چۆمێکی زۆر جوان بە داوێنی ئاوایی دا تێ دەپەڕێ و گۆمی شین شین کە بە بەردی داتاشراوە و ئەوکات پڕبوو لە هەزاران قاشە و زەردە ماسی کە لە سەر ئاوێ شە تە یان دەبەست و دڵت نەدەهات چاویان لێ بترووکێنی ئەوجار مراوی و دەعبای دیکەی جوان ئەو دیمەنە یان سەد ئەوەندە رازاندبۆوە. لە شوێنی تەنگە بەر ئەو بەرەو بەری ئەو بەردە داتاشراوانە داری درێژ رایە ڵ کرابوون و بە قوڕ و چرپی داپۆشرابوون خەڵک و ئێستربار بە سەری دا دەپەڕینەوە . لە پشت ئاوایی کیوێکی لێ یە کە پادگانەکە لەوێ هەڵکە وتبوو. خەڵکی ئەو دێ یە عەشیرەتی سوێسنین.ئەوکات ئاغاوەتیان دەنێو دا نە مابوو. زەویان لە خۆیان بەش کردبوو وهەر کوێخایان هەبوو کە خەڵک زەکات و شتیان دەدانێ ئەوانیش کاری دەولەتی یان بۆ رادەپەڕاندن.

پیش تر باسی زوڵم و زۆری لە رادە بەدەری ئە منیەم کرد و لە راستی دا شەڕی سوێسنیان لەگەڵ دەولەت لە سەر زوڵم و زۆری ئەمنیە ی هەڵایسا. زۆر ئیهانەت و بێ حورمەتی بە خەڵک دەکرا.خەڵکی سوێسنایەتی ئەو بێ حورمە تیەیان پێ قە بووڵ نەکرا و بە رێبەریی مە ولوودی ئەمە ری کە بە ئە مەرپاشا نێوبانگی دەرکرد لەگەڵ دەوڵەت بە شەڕ هاتن هەر کە س لە هێزی سوێسنی چاک بە شەڕ هاتبا و ئازا با ئە مەر پاشا مازووی لە سەر شانی دەدروو. تائاخر دەوڵەت دەنێرێتە لای سوێسنیان بۆ ئەوەی بزانێ رێبەریان کی یە و چیان دەوێ.

ئه مەر پاشا له قه لەرەشێ جێگا و رێگایەکی بۆخۆی سازدەکا و له نێو خانوویەکی دا به شوو چەپەریکی ته نیبوو و سەوەتەیەکی دروست کردبوو و له حەوای وەهای هەڵاوەسیبوو که ئەگەر له سەر کورسی دانیشتبا سەوەتەکه وەک تاج میزان دەکەوته سەر سەری وەک ئەوەی شا له سەر تەختی دانیشتبا و تاجی لەسەرنابا.

رۆژێک خەبەر دێ مەئمووری دەوڵەتێ دێن بۆ وتووێژ کابرایەک به نێوی میرزا حه سەن کو گۆیا نوێنەری سەردەشتی بووه دەگێرێتەوه ودەڵێ : لەگەڵ ئەفسەرێکی وەرێکەوتین بۆ قەلەرەشێ . ئەمەر پاشا دەستووری دابوو له چەند جێگایان چەند نەفەر تفەنگ به شان و گۆپاڵ بەدەست رێگامان پێ بگرن و مەحته ل مان بکەن و گیان مان بگەڕێن و له بەر ئەو سوورەتاوه زۆریان راگرتین . سەرەڕای ئەوەش مۆڕەیان لێ دەکردین و دەیان ترساندین ، ئەوجار له رادەبەدەر پرسیاریان لێ دەکردین تا گەیشتینه ماڵی ئەمەرپاشای . لەوێش زۆریان راگرتین و هیچ قسەیان لەگەڵ نەکردین . بەم شێوەیه به جۆرێکیان تۆقاندبووین دەمانکوت تازه سەرمان تێداچوو هەر دەکوژرێین. دوای ماوەیەکی زۆر رێگایان داین بچینه ژوورێ . ئه گەر چووین ئەوه تەماشامان کرد ئەوه ئەمەرپاشا له سەر کورسی دانیشتوه وسه وەته کەش له سەر ڕا هه تا نێو چاوانی داپۆشیوه . ئێمه سڵاو و کڕنۆش مان برد بەڵام ئەو مته قی لێوه نەهات و به خێر هاتنی نەکردین . ئاخر نه بزەیەک نه هیچ شتێک ، زەندەقمان چوو کوتمان نا تازه کوژراین . ماوەیەکی زۆر ئاوا رایان گرتین و حه تا نەیان هێشت له سەر عەرزی رووتیش دانیشین دوایه یەکێکی بانگ کرد گوتی بزانه ئەوانه دەڵێن چی؟

ئەفسەرەکه گوتی ئێمه بۆ وتووێژ هاتووین . ئەمنیش قسەکانم وەردەگێڕاوه . ئەمەرپاشا گوتی بیانبه دیوەکەی دیکه . ئەگەر چووین تەماشامان کرد دیوێکی خۆش راخراوه دوایه ئەمەرپاشا لیباسی گۆڕی و هات دەستی له نێو دەستی ناین. زۆر بەخێر هاتنی کردین و دەستووری دا چای بینن. ئەفسەرەکه زۆری پێ سەیربوو. دوایه پرسی : ئەو هەموو بێ حورمەتی و توند و تیژیەی پێشووت له چی بوو و ئەو هەموو ئیحترام و دەم به پێکه نینیەی ئەلحانت له چیه. ئەمەر پاشا گوتی : ئەگەر ئەمنیەی ئێمەی بانگ دەکرد عەینی ئەو بەڵایەی به سەر دێناین . چەند سەعات له بەر دەرکەی رایان دەگرتین ، سڵاومان دەکرد جواب نەبوو و سەریان هەڵ نەدەهێنا . ئەوه خۆشه ؟ له سەر ئەوەی قیاممان کردوه . بۆ هیندەمان بێ حورمەتی پی دەکەن . ئەو ئەدایانەی بۆ ئیوەم دەرێنا لەو ده ساڵەی دا هەزار ئەوەندەیان پێ کردووین بۆیه دەستمان داوەته چەک چونکه هیچ حورمەتێک مان نیه . داوام ئەوەیه ئەمنیەی لابەن بێ حورمەتیمان پێ دەکەن با هەر سەرباز لێره بێ.

بەو شێوەیه بۆ چەند ساڵان ئەمنیه نەچوه نێو سوێسنیان و بۆخۆیان تفەنگ چی دەوڵەتێ بوون.